مەندەلاوی داوا لە پەرلەمانی ئاسیا دەکات چوار بڕیارنامە سەبارەت بە دەخی غەزە پەسەند بکات

موحسین مەندەلاوی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەت، ئەمە پێنجشەممە، داوای لە ئەنجومەنی پەرلەمانی ئاسیا کرد کە چوار بڕیارنامەی سەبارەت بە دەخی غەزە پەسەند بکات و داوای کرد نەتەوە یەکگرتووەکان دەستبەجێ دەستوەردان بکات بە ڕاگرتنی دەستدرێژی زایۆنیستەکان .

نووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجووومەنی نوێنەران، لە ڕاگەیندراوەکدا بڵاویکردەوە، مەندەلاوی داوای لە ئەنجووومەنی پەرلەمانی ئاسیا کرد چوار بڕیارنامە پەسەند بکات کە خێی بە شێخسی لە میانی وتارێکیدا پێشکەشی کرد لە یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی فەلەستین لە ئەنجومەنی پەرلەمانی ئاسیا کە کارەکانی لە تارانی پایتەختی ئێران بەڕێوە دەچێت.

مەندەلاوی داوای لە وڵاتان، حکومەتەکان و پەرلەمانەکانی کەمەگەی ئاسیا کرد کە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن دەستوەردانەکی خێرا بە ڕاگرتنی دەستدرێژی زایۆنیستەکان و هەموو چالاکییە سەربازییەکان و کردنەوەی دەروازە سنووریەکان بە هەنانە ناوەوەی یارمەتییە مرۆییەکان، جگە لە بایکۆتکردن قەوارەی زایۆنیستی بەهۆی ئەو تاوانە جینۆسایدانەی کە دژی گەلی فەلەستین ئەنجامی دەدات، و پشێلکردنی ڕێککەوتننامەی سێیەم و چوارەمی جنێف سەبارەت بە دیلەکانی جەنگ و پاراستنی دیلەکان ، جاڵنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، و نزیکەی نەوەد بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش کە

پ□یو□ندیـیـان ب□ پرسی ف□ل□ستـیـنـ□و□ ه□یـ□.